ئایا ئەمریکا لەعیراقدا داگیرکەرە یان رزگارکەرە؟؟

یاش ئەوەی بەدرخان رایرسییەکی لەنێو گرووپێکی هەمە جەشنی (٦٠٠) کەسیدا ئەنجامداو لە جەندین سیمیڵی جۆراو جۆری نێوان جین وتوێژەکانی خەڵك تەنها دوو یرسیاری لە هەر عەیینەیەك دەکردو وەڵامەکانیش هەڵبژاردن بوون واتە ئێمە دوو (اختیار)مان داوە بە هەر عەینەیەك، ئەوانیشمان کردوەتە حەوت سیمیڵ لە خەڵك بە شێوازی هەرەمەکی و هەر بەو جۆرەش یەك سیمیڵمان بۆ هەڵبژاردن کە لە (٧١) عەیینە یێك هاتوە..

ئێوەی خوێنەر دەتوانن لەم ٧١ کەسەوە بروانن ئەو ٥٢٩ دەنگەی تر کە بڵاومان نەکردۆتەوە، لەگەڵ داوای لێبووردن لەو بەرێزانەی کە دەبوایە ناوی خۆیان لەو رایرسییەدا ببینن، بەڵام شێوازی رایرسی هەر بەم جۆرە ئەنجام دەدرێت..

هەروەها بەدرخان رێژەی سەدی بۆ دەنگەکان ئامادە نەکردوە، بۆ ئەوەی خوێنەر بەراوردێك بکات لەگەل تەمەن و رەگەز و پیشەو ئەوسا وەڵامەکان لە دووتوێی ئەو زانیارییانەوە هەڵبسەنگێنێت کە ئێمە بۆمان ئامادە کردون..

ئێمە تەنها ئەم دوو یرسیارەمان ئاراستەی ئەو ناوانە کردووە:

A: بە رای تۆ، ئەمریکا داگیرکەرە یان رزگارکەر..؟

B: پێت باشە لە کوردستاندا، کوردێك حوکم بکات یان ئەمریکی..؟

ز	ناو	پیشە	تەمەن	A	B
١	ئەکرەم حەیدەر	هونەرمەند	٣٥ساڵ	داگیرکەر	کورد
٢	بەیان محەمەد	فەرمانبەر	٣٠ ساڵ	داگیرکەر	ئەمریکی
٣	محەمەد عەلی	خوێندکاری پەیمانگا	٢٦ ساڵ	رزگارکەر	کورد
٤	ناصح عەلی	وێنەگر	٢٢ ساڵ	رزگارکەر	کورد
٥	حەسیبە محەمەد	بەرگدروو	٣٠ ساڵ	داگیرکەر	کورد
٦	ئارام فائق	کارەباچی	٢٥ ساڵ	داگیرکەر	کورد
٧	نیان قادر	رۆژنامەنووس	٢٣ ساڵ	هەردووکیان	کورد
٨	لیمۆ محەمەد	بەرگدروو	٢٤ ساڵ	داگیرکەر	کورد
٩	کەمال عەلی	وێنەگر	٢٨ ساڵ	داگیرکەر	کورد
١٠	هۆزان عەباس	خوێندکاری زانکۆ	١٨ ساڵ	هەردووکیان	کورد
١١	شنرۆ مەحمود	رۆژنامەنووس	٢٣ ساڵ	رزگارکەر	کورد
١٢	بنار عەبدولقادر	خوێندکاری زانکۆ	٢١ ساڵ	رزگارکەر	کورد
١٣	جەوهەر سەلیم	لەئەنجومەنی شارەوانی	٤٢ ساڵ	رزگارکەر	کورد
١٤	موحسن بابەکر	کۆمبیوتەریست	٢٥ ساڵ	داگیرکەر	کورد
١٥	سردار عبدالرحمن	مفەوەزی پۆلیس	٣٢ ساڵ	رزگارکەر	کورد
١٦	خەتتاب عومەر	خوێندکاری زانکۆ	٢٥ ساڵ	رزگارکەر	کورد
١٧	هاوکار شەوکەت	فەرمانبەر	٣١ ساڵ	رزگارکەر	کورد
١٨	پشتیوان حسێن	خوێندکاری زانکۆ	٢٥ ساڵ	رزگارکەر	ئەمریکی
١٩	لۆریتا ئەحمەد	فەرمانبەر	٢٨ ساڵ	داگیرکەر	ئەمریکی
٢٠	داليا جەلال	فەرمانبەر	٢٤ ساڵ	رزگارکەر	کورد
٢١	جاسم محەمەد	مامۆستای زانکۆ	٢٧ ساڵ	داگیرکەر	کورد
٢٢	کەژاڵ عەبدوڵڵا	فەرمانبەر	٤١ ساڵ	رزگارکەر	کورد
٢٣	هیدایەت ئیبراهیم	نووسەر	٢٤ ساڵ	داگیرکەر	کورد
٢٤	محەمەد بابۆلی	خوێندکاری زانکۆ	٢٦ ساڵ	داگیرکەر	کورد
٢٥	ژیان مەجید	فەرمانبەر	٢٨ ساڵ	داگیرکەر	ئەمریکی
٢٦	هێمن ئەحمەد	قۆناغی ئامادەیی	٢٢ ساڵ	داگیرکەر	کورد
٢٧	شەهلا حسێن	فەرمانبەر	٣٠ ساڵ	داگیرکەر	ئەمریکی
٢٨	سامان جەلال	خوێندکاری زانکۆ	٢٩ ساڵ	داگیرکەر	کورد
٢٩	جوان جەلالەدین	خوێندکاری زانکۆ	١٩ ساڵ	رزگارکەر	هەردووك
٣٠	خەندە نورەدین	خوێندکاری زانکۆ	٢٠ ساڵ	رزگارکەر	کورد
٣١	عومەر قادر	خوێندکاری زانکۆ	٢٠ ساڵ	رزگارکەر	کورد
٣٢	رۆژە حەمە وەیس	خوێندکاری زانکۆ	٢١ ساڵ	رزگارکەر	هەردووك
٣٣	هەردی ئەحمەد	خوێندکاری زانکۆ	٢٠ ساڵ	رزگارکەر	کورد و UN
٣٤	سەنگەر محەمەد	خوێندکاری زانکۆ	٢٣ ساڵ	رزگارکەر	ئەمریکی
٣٥	دیمەن عبدالرحمن	فەرمانبەر	٣٩ ساڵ	داگیرکەر	کورد
٣٦	بەرزان رەئووف	فەرمانبەر	٣٥ ساڵ	رزگارکەر	کورد
٣٧	شێخ محەمەد جەلال	کادری حزبی	٣٢ ساڵ	رزگارکەر	کورد
٣٨	شنە بایيز	کارمەند	٢٣ ساڵ	هەردووکیان	هەردووك
٣٩	نیشتمان سەلیم	خوێندکاری زانکۆ	٢١ ساڵ	رزگارکەر	کورد
٤٠	سالم عەبدولکەریم	فەرمانبەر	٣٠ ساڵ	رزگارکەر	کورد
٤١	ئیڤان شێخ عەبدول	خوێندکاری زانکۆ	١٨ ساڵ	رزگارکەر	کورد
٤٢	هەژار محەمەد	کاسب	٢٩ ساڵ	داگیرکەر	ئەمریکی
٤٣	گۆنا حەمە زیاد	کارمەند لە کوردتێل	٢٥ ساڵ	رزگارکەر	ئەمریکی
٤٤	عەزیمە محەمەد	فەرمانبەر	٣١ ساڵ	رزگارکەر	کورد
٤٥	مژدە کەریم	کارمەند	٣٠ ساڵ	داگیرکەر	کورد
٤٦	پەرژین ئومێد	کارمەند لە کوردتێل	٢٥ ساڵ	رزگارکەر	ئەمریکی
٤٧	ڕێزان عەلی	کارمەند	٣٠ ساڵ	داگیرکەر	کورد
٤٨	هاوژین شێرکۆ	کارمەند لە کوردتێل	٣٦ ساڵ	داگیرکەر	هیچیان
٤٩	ڕێباز شوان	خوێندکار	١٠ ساڵ	رزگارکەر	ئەمریکی
٥٠	شەهلا تەها	کارمەند	٢٨ ساڵ	رزگارکەر	ئەمریکی
٥١	ئومێد فەتاح	کاسب	٢٨ ساڵ	رزگارکەر	کورد
٥٢	زەینەب جەمیل	فەرمانبەر	٢٧ ساڵ	رزگارکەر	کورد
٥٣	موەفەق عەلی	فەرمانبەر	٥٣ ساڵ	رزگارکەر	کورد
٥٤	تاریق عوسمان	کارمەند	٢٠ ساڵ	رزگارکەر	کورد
٥٥	هەڵاڵە عوسمان	فەرمانبەر	٢١ ساڵ	رزگارکەر	هەردووك
٥٦	کاروان سەلام	فەرمانبەر	٢٤ ساڵ	هەردووکیان	هیچیان
٥٧	ئیسماعیل عەزیز	فەرمانبەر	٦٠ ساڵ	رزگارکەر	کورد
٥٨	بلوور سەردار	کچی ماڵەوە	١٨ ساڵ	رزگارکەر	کورد
٥٩	نەسرین محەمەد	فەرمانبەر	٥٢ ساڵ	رزگارکەر	کورد
٦٠	بنار قادر	فەرمانبەر	٢٤ ساڵ	هەردووکیان	کورد
٦١	میهرەبان عومەر	فەرمانبەر	٢٨ ساڵ	رزگارکەر	کورد
٦٢	چرۆ حەمە فەرەج	کارمەند لە کوردتێل	٣٣ ساڵ	رزگارکەر	ئەمریکی
٦٣	شادان رەسوڵ	قۆناغی ئامادەیی	٢١ ساڵ	رزگارکەر	کورد
٦٤	بەیان رەئووف	خوێندکار	٢٠ ساڵ	هەردووکیان	هەردووك
٦٥	خێڵان بەهائەدین	خوێندکار	٢٠ ساڵ	رزگارکەر	کورد
٦٦	سروە عوسمان	خوێندکار	٢٢ ساڵ	رزگارکەر	هەردووك
٦٧	شەوبۆ عەلی	خوێندکاری ئامادەیی	٢١ ساڵ	رزگارکەر	هەردووك
٦٨	ئیبراهیم عەلی	کارمەند	٢٤ ساڵ	رزگارکەر	ئەمریکی
٦٩	سەلاحەدین عوسمان	خوێندکاری زانکۆ	٤٠ ساڵ	رزگارکەرە	هەردووك
٧٠	سۆزان سەلام مەنمی	معیدە لە زانکۆ	٣٦ ساڵ	رزگارکەر	کورد
٧١	هێرۆ سەلام مەنمی	ژنی ماڵەوە	٣٢ ساڵ	دارگیرکەر	هیچیان

ئایا گۆرانیبێژی تازە هاوڕێیەتیی دەوێت لە موزیککار یان گۆرانی دەوێت..؟؟

ڕۆزك ئەحمەد قەرەداغی

*چ موزیك و چ گۆرانی، دووانەیەکی هونەرین و پەیوەندییەکی پتەویان هەیە و هەر لە کۆنەوە تاکو ئێستا زۆر پێناسەی جۆراوجۆری لە لایەن زانایان و توێژەرەوەکانی ئەم بوارە بۆ کراوە، لە رووی زانستییشەوە لە جیهاندا گەیشتووەتە ئاستێکی باڵا و لە قۆناغێکی ئەکادیمی و زانستیی بەرزدا توێژینەوەی لەسەر دەکرێت.

*گۆرانیشکە بریتییە لە دەربڕینی دەنگ و وشە لە ڕێی توانای مرۆییەوە لەسەر مۆرکی جۆراوجۆر کاری پێدەکرێت، لە هەمان کاتدا زۆر لە شاکارە موزیکییە بەرزەکانی جیهان سوودیان لە چینەکانی دەنگی ئادەمیزاد وەرگرتووە و کاری هەمەڕەنگیان لەسەر کردووە، هەر لە کۆنەوە تاکو ئێستاش.

لێرەدا ئەو پرسیارە دەوروژێت کە ئایا دانەرە موزیکییەکان کاریان لە سەر چ جۆرێکی دەنگی مرۆیی کردووە یاخود چی دەنگێکی مرۆیی توانای دەربڕینی هۆنراوە و چامەی ناو ئەو موزیکە ئۆپێرا و سیمفۆنی و کۆرالانەی هەبووە بیلێت و بەشداریی پرۆسەو ستایلی لەو جۆرە بێت.

زۆر پەرتووکی بە نرخ و نووسراوی زانستی هەن لەسەر ئەم زانستە، بۆیە بە نووسینێکی ئاوا کورت و بچووك ناتوانین هەمووی بخەینە روو، بەڵام ئەوەی بووەتە کێشە بۆ هونەرمەندی موزیککاری کورد بە تایبەت لە کوردستاندا، ئەو هونەر خوازانەی کە دەیانەوێت گۆرانی بچڕن و موزیککاری کورد ڕێنمایی موزیك و تۆمارکردنی بەرهەمەکەی بکات، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو مەرجەکانی گۆرانی بە دوورە، بۆ نموونە چەند مەرجێکی گشتی هەیە ئەگەر لە گۆرانیبێژدا نەبێت ئەوا گۆرانیبێژ نییە، لێرەدا ناکرێت باسی هەموو ئەو مەرجانە بکرێت، بەڵام کاتێك یەکێك دەنگی خۆشبوو بە تەنها مەرجی گۆرانی وتن نییە، ئەگەر ناڕێکیی لە کێشدا هەبێت، یاخود نەزانێت دوای موزیك دەستبکات بە گۆرانی وتن یان چینی دەنگی موزیك نەدۆزێتەوە، ئەمانەو چەند مەرجێکی تر کە بۆ گۆرانیی کەلەپووری کوردیی و دانراو پێویستە، ئەوا هۆنراوەو شێوازی ئەو میلۆدییەی کە بۆ ئەو شیاوە لە لایەکەوە بوەستێت، کە ئەمەش چمکێکی فراوانە و دەبێت هەمووی بوونی هەبێت لە دەنگی ئەو مرۆڤەی کە گۆرانی دەچڕێت، واتا بە شێوەیەکی گشتی دەبێت شارەزاییەکی لە موزیکدا هەبێت، بەڵام بە داخەوە زۆر لە گۆرانیبێژی کورد کاتێك هیچ لە مەرجەکانی گۆرانی وتن لە دەنگ و ناخیدا نییە و هەر چۆنێك بێت هەوڵی تۆمارکردنی گۆرانی دەدات و هەندێك جار لە ڕێگای کارێکی دوور لە هونەرەوە دەبێت بە هاوڕێی موزیکییەك و ئیتر کە زانیی کاتی ئەوەیە بە موزیکییەکە دەڵێت بۆ گۆرانی تۆمارکردن، موزیکییەکە دەبێتە قوربانیی نەبوونی هەموو مەرجەکانی گۆرانی چڕین و گۆرانی بێژەکە زۆر بووە بە هاوڕێی و ناتوانێت بڵێت نا، چونکە عاجز دەبێت و هاوڕێیەتیی ناکات. یان دەڵێت خەمی مەسرەف و پارەت نەبێت بۆ ئەوەی تەواو پێشکەشی کارەکەی بێت و بۆی مەیسەر بکات، ئەگەر بواری گفتوگۆش هەبوو لە نێوان هەردوو هونەر خوازەکەدا، گۆرانی بێژ دەڵێت من دەمەوێت خۆم ببینمەوە یان لە ڕێی ئەم گۆرانییەوە ڕێچکە بۆ خۆم دابنێم، یاخود دەشێت بڵێت؛ تۆم داناوە کە ئاگاداری و ڕێنمایی هەموو کارەکانم بکەیت.. بە دانانی ئەم ڕێزە گەورانە بۆ موزیکی بێ ئومێددەبێت لە دانانی موزیك و بواری ژەنینی ئامێرپشدا. زۆر لەو گۆرانیبێژانە لە راکێشانی سەرنجیان بۆ گۆرانیبێژێکی چاك یان لە ڕێی خۆشەویستییان بۆ هۆنراوەی کوردیی حەز بە گۆرانی چڕین دەکەن، ئەمانەو زۆر نموونەی تر هەن بۆ ئەو کەسانەی ڕێگا بۆ گۆرانی وتن دەگرنەبەر..

*سەرەتا بە هاوڕێیەتیی موزیککار دەستپێدەکات و لە پڕ ڕۆژێك لە ڕۆژان موزیکییەکە سەرسام دەکات بەوەی کە دەڵێت؛ من گۆرانی دەڵێم، دەبێت گۆرانییەکم بۆ بکەیت، ئینجا ئەو پرسیارە دێتە بیری موزیکییەکە؛ ئایا تۆ هاوڕێیەکی ڕۆژانەو دەروونیی یان گۆرانیت دەوێت موزیکی بۆ دابنێم..؟؟

پێویستە بە پێی توانا فکری و عەقڵییەکان لە کەمئەندامان بڕواندرێت

تاڤگە محەمەد-کەمئەندام

توانا و بیرو هۆشمەندی لە تاکەکانی کۆمەڵدا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، ئەم جیاوازییە بە پێی چەند هۆکارێك دەردەکەون لەوانەلەوانە هۆکاری کۆمەڵایەتی، دەروونی، سایکۆلۆژی..هتد.

چەندین مرۆڤی ئاسایی بە رواڵەت دەبینین هیچ کەموکوڕییەکی نییەو خاوەنی توانایەکی جەستەیی باشە، بەڵام ئەمە پیاوانە نییە بۆ ئەوەی کە ئەم مرۆڤە بە جەستە ساغە توانای ژیریی هێندەی توانای جەستەیی بێت تا بتوانێت بە هۆش و بیرێکی ژیرانە جەستەی خۆی بەکاربهێنێت بۆ خزمەتکردن بە خۆی و کۆمەڵگاکەی.

کەمئەندامیش مرۆڤێکە وەك هەموو ئەو مرۆڤانەی لەم جیهانەدا دەژین بە بێ جیاوازیی.. کەمئەندام رەنگە بە جەستە نائاسایی بێت، بەڵام هەموو کات بە بیرو هۆش، بە داهێنان، بە توانا عەقڵییەکان ئەگەر پێشەنگ نەبووبێت شان بە شانی مرۆڤە بە جەستە ساغەکان خزمەتی گەیاندووە.

هەرچەندە کۆمەڵگای دواکەوتوو هەموو کات کۆسپێکی گەورە بووە لە بەردەم کەمئەندامانداو تواناکانی تاساندووەو کاریکردووەتە سەر باری دەروونیی، ئەمەش بووەتە هۆی دابڕان و گۆشەگیریی و خۆ بەکەم زانین، بۆیە پێویستە دەستەوستان نەبین و بەرەنگاریی ئەو کۆسپ و تەگەرانە ببینەوە کە دێنە ڕێگای کەمئەندامان.

دەبێت نەهێڵین چیدی بە چاوێکی کەمتر لە کەسانی بە جەستە ساغ سەیر بکرێن، دەبێت کارێك بکەین کەمئەندام ژیرانەتر بیربکاتەوەو واقیعییانە تر لەگەڵ چواردەوری خۆیدا مامەڵە بکات، دەبێت لە چوارچێوەی ماڵەکانیان بهێنرێنە دەرەوەو تێکەڵ بە دنیای تازە بکرێن و بوونی خۆیان لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا بسەلمێنن بە دەرخستنی هێزو توانا کانیان لە رووی داهێنان و تازەگەرییەوە بە هەوڵ و ماندووبوونی هەموومان بە تایبەت یەکێتییەکەمان (یەکێتیی کەمئەندامانی کوردستان).

بۆچی کەناڵی کوردیی کەرکوك کوردیی تێدا نییە..؟

کاتێك ساڵی ١٩٧٤ کەناڵی تەلەفزیۆنی کەرکوك دامەزرا، زۆر سەربەخۆیانە تەنها یەخشی کوردیی دەکرد، بە بێ ئەوەی بەشی عەرەبی و تورکمانی و سریانی هەبێت.. تا سێ-چوار ساڵ، بەعس دەستی تێخست و وەك هەموو دەزگاکانی تر بە ناو کەناڵی کوردی بوو، ئەگەر نا هیچ پێداویستییەکی کەناڵیی نەبوو، هەر لە بێژەری و دارشتنەوەی هەواڵ و وێنەو رایۆرتە هەواڵ و..هتد

بەمەش زیاتر ئاشنابوونمان بە (T.V)ی کەرکوك، یاش ئازادکردنی عیراق کە زوو برادەرانی (خاك T.V) بۆ ماوەی (٤٣) ڕۆژ بەرهەمەکانیان بە ڕێك وییکی یەخشکردو جێگا و ئومێد و دڵخۆشیی خەڵکی کەرکوك و دەروبەرەکەی بوو، لە یاشاندا هێزی هاویەیمانان کە بەد حاڵییان کردبوون، جی کوردی تێدا بوو دەریان کردن و بەعسییەکانیان هێنایەوەو کارمەندە کوردەکانیشیان بە دەردی مامۆستا عەلی بایيرو چەندین خەڵکی تر برد، بۆ زیاتر ئاشنابوون لە شاری کەرکوك بەرێز کوردە .. بەرێوەبەری رادیۆی دەنگی عیراقی نوێ بەم شێوەیە بۆمان دوا:

-ئێمە ئێستا لە کەرکوك سەرپەرشتیی رادیۆ دەکەین لەگەڵ هێزی هاویەیمانان، چۆن لە بواری سەربازیی هاویەیمان بووین، ئاواش لە راگەیاندن هاویەیمانین.. ئێمە رادیۆی دەنگی عیراقی ئازادمان لە کەرکوك دانا، بۆ ئەوەی جی ئاگاداری و روونکردنەوە هەیە لە هاویەیمانانەوە بیگەیەنینە شاری کەرکوك و دەروبەری و بە ئەرکی سەر شانی خۆمانی دەزانین، کە بە بەڵگە ئەمریکاییەکان سویاسیان کردووین و زۆریان یێ باشبوو، بەڵام ئێستا هەست دەکەین ئەوان وەکو یێویست مامەڵە لەگەڵ ئێمە ناکەن، چونکە ئەوان دەیانەوێت خۆیان خەڵك دابنێن، ئێمەش دەمانەوێت خۆمان خەڵك دابنێین و هەڵبژێرین، بۆ ئەوەی لە یاشەڕۆژدا لە باش و خرایی بەریرسبم..! ئەوان قبوولیان نەکردووە، بەڵام ئەوەی ناخۆش و دڵگرانییە کە ئەمریکاییەکان کۆنە بەعسییەکانیان یێ باشترە و یریەتی لە بەعسی و جی کادری کورد هەیە هەموویان دەرکردووە، کەناڵێکی کوردیی بێت و هیچ کادرێکی کوردیی تێدا نەبێت، ئەوە مەتەڵە و هەر بەعسییەکان دەتوانن هەڵی بهێنن..؟

بە راستی نە هەزم دەکرێت و نە قبووڵیش دەکرێت، چونکە ئێمە ئەمریکا بە هاویەیمان و رزگارکەر دەزانین، ئەمریکاش بەعسییەکان بە میراتگر دەزانن و ئێمەش بە بێگانە و، ئێمەش ئەمریکا بە میراتگر دەزانین.

سەرەای هەموو ئەو کێشە و تەنگوچەڵەمانە، هەر دەبێت کەناڵێکی ئازادو سەربەخۆ دابنێین، بە راستی خەڵکی کەرکوك تینووی ئازادی و دیموکراسی و زمانی شیرینی کوردین..

جاش قەڵەمەکان و قەڵەمە جاشەکان

فریاد هیرانی
Friadhirani@yahoo.com

زاراوەی (جاش قەڵەم) لە دوای راپەڕینەوە زیاتر بەکارهات، ئەمەش لەبەر ئەوە نەبوو کە پێش راپەڕین (جاش قەڵەم) نەبووبێت، بە پێچەوانەوە بەکارهێنانی زیاتر لە پاش راپەڕینەوە لەبەر ئەم هۆکارە بوو کە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان جێگا و پلەوپایەیان دایە. ئەو جاش قەڵەمانەی کە پێش راپەڕین بە کرێگیراوی بەعس بوون و بە ئاشکرا (مەبەست بە ناوی ئاشکراش) بە شان وباڵی رژێمە گۆڕ بە گۆڕەکەی بەعسیاندا هەڵدەداو جینۆسایدو قڕکردنی کوردیان بە (سەرکەوتن بەسەر بەکرێگیراوانی بێگانەو تێکدەرەکان و گێژە شێوێنەکان) دەدایە قەڵەمو دەستخۆشییان لە رژێمی سەدامو سوپا درندەو ئەنفالچییەکەی دەکرد..!

ئەمەش زیاتر لە لایەن ئەو نووسەرو شاعیرو هونەرمەندو رۆژنامەنووسانە بەکارهاتووە کە چ لە شارو چ لە شاخ بەردەوام لە سەنگەری گەلەکەیاندا بوون، زۆربەیان ئەگەر هیچیشیان پێ نەکرابێتو نووسرابێت درێ بە بەعس، بەڵام توانییان بەوپەڕی خۆراگرییەوە لە ژێر سایەی بەعس دابنیشن و خۆیان بپارێزن لە نووسین و پیاهەڵدان بەسەر رژێم، تیایاندا هەیە لە زەمەنی رژێمدا زۆر بە کەمی بەرهەمی بڵاوکردووەتەوە، بۆ ئەوەی تووشی ئەو (مەرجە) نەبن کە بۆ بەرژەوەندیی (بەعس)یش بنووسن..!

بە هەر حاڵ جگە لە داڵدەدانی ئەم جۆرە (جاشقەڵەمانە)ی کە لە سەرەتادا ئاماژەمان پێکرد لە لایەن هەندێك حزب و لایەنی سیاسی، بە تایبەتیش هەردو حزبە سەرەکییەکەی کوردستان، هەندێکیان پلەو پایەو ئیمتیازاتیشیان پێدراوە..!

لێرەدا حەزناکەم بچمە سەر ئەوەی، کە ئایا بۆچی گرنگی بە (جاش قەڵەمان) دراوە، چونکە زۆری لەسەر وتراوەو بادووبارە نەیجوینەوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و تێبینییە، (جاش قەڵەمان) وا خەریکە (قەڵەمی جاش) دەهێننە بەرهەم لە دامودەزگاکانی راگەیاندن..!! بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەمان، یان راستتر بڵێین بۆ روونکردنەوەی ئەم بۆچوونەمان، بەم شێوەیە خوردی بکەینەوە:

جاش قەڵەمان لەبەر ئەوەی بە مانای وشە جاش قەڵەم بوون و نووسەری پیاهەڵدان و مەدح و سەنای (سەرۆکی دیکتاتۆر)و لێپرسراوانی بەعس بوون..! دەمێکیشە لە دامودەزگاکانی کوردستان بە هەمان ڕێبازو هەمان نەفەسی جاران دەنووسن و رەفتار دەکەن و هەڵسوکەوت دەکەن و، بەر پرسەکانیش (خوا هەڵناگرێت) گرنگی بەوانە دەدەن کە بەردەوام بە سەریاندا هەڵبدرێت و تووشی رەخنە نەبن و بەردەوام لە دەوروبەری مێزەکانیان بخولێنەوە..!!!

ئەمەش کاریگەریی خۆی هەبووە بە سەر ئەوانی تر (ئەوانەی کە جاش قەڵەم نەبوون)، بۆیە بۆ مونافەسەکردنی جاش قەڵەمەکان ئەوانی تریش (هەندێکیان) کەوتنە خۆیان بە هەمان شێوە دەستیان بە (ماستاو) کردن کردو رەخنە بە نووسین و پێشاندانی دڵسۆزیی شەخسی بۆ بەرپرسان و..هتد. بە کورتی وایلێهاتووە ئەوانیش (بە زێدەڕۆییەوە..!) لاسایی (جاش قەڵەمەکان) دەکەنەوە..!!!

ئێستا نووسەری وامان هەیە لەوەتەی دەنووسێت نووسینەکانی لە رووپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دەبینرێت، بۆ تاکە جارێکیش رەخنەیەکی بچکۆلانەشی نەنووسیوە..! باشە تۆ بڵێیت کۆمەڵی کوردەواری و حزبەکان و ئیدارەو حکومەتی کوردی گەیشتبێتە ئەو ئاستەی کە هیچ کەموکووڕیی نەبێت، بۆیە بۆ (نموونە) نووسەرێك هیچ نانووسێت جگە لە شێوازو ئەتەکێتە حزبییە سواوو تەقلیدییەکە..؟! ئەمە لە کاتێکدا لە وڵاتانی ئەورووپاو ئەمریکاو وڵاتە پێشکەوتووەکانی دونیا، ڕۆژانە سەرۆك وەزیرو بەرپرسەکانیان دەکەونە بەر نووکی قەڵەمی رەخنەو رەخنەکاری، کە بە سەد ساڵ زیاتر لە پێش ئێمەشەوەن..!؟

بۆیە ئەگەر بە قەڵەمە بەعسییەکان دەوترا (جاش قەڵەم) ئەوا دەشێت بە قەڵەمە حزبییەکان و قەڵەمی مەسئولەکانیش بگوترێت (جاشی مەسئول) یان قەڵەمە جاشەکان..!!! هاوکاتیش ئەو قەڵەمە حزبییانەش هەن کە بە پێی رەچاوکردنی لێپرسینەوەو نانەپێن و ئیمتیازات لە دەستدان، رەخنە دەنووسن و هەڵوێستی روونا کبیرانە وەردەگرن لە بەرامبەر کارو رەفتاری دزێو، کە ئەمانە جێگای ڕێزن و ئەگەر حزبایەتیش بکەن، بەو نەفەسەیە کە پەرۆشی حزبەکەیانن، بۆیە رەخنەو کەموکووڕییش دەنووسن بە مەبەستی چاکسازیی..

ماچەکانی کچە مارێنزە چاوشینەکە

نەجات رۆستی
sosti@maktoob.com

دەمەو ئێوارەیەکی پڕ لەخرۆشی ئازادی، لەبەرامبەر گازینۆکەی نزیك باخی گشتی، ئوتومبیلێکی تازەی سەربازی لەبەردەم دوکانی میوەفرۆشەکە وەستا، چەند سەربازێکی ئەمریکی لێیی دابەزین، دووانیان بەرەو دوکانەکان ڕۆیشتن، دیار بوو پێداویستیەیان هەبوو، حاجی بە تێرامانێکی قووڵ سەیری سەربازەکانی دەکرد، زۆر ئارەزووی دەکرد خۆی لێیان نزیك بکاتەوەو حەزی دەکرد بهاتنایە گازینۆکە بۆ ئەوەی چایەکی گەرمیان لەگەڵ بخواردبایەوە، سەربازەکان دوای ئەوەی هەندێ میوەیان کری، بردیانەوە لای ئوتومبیلەکە، جارێکی تر بەرەو گازینۆکە هاتنەوە، حاجی لەبەر خۆیەوە وتی دەفەرموو، چا بخۆن، بەهەلاو هەلاو لەحاجی رەت بوون بەرەو دوکانێکی تری ئەو شەقامە چوونە خوارێ، حاجی هەر چاوی لەو سەربازە ژنە چاوشینو قژ زەردە بوو کە لەتەنیشت جێبەکە وەستا بوو، چەند منالێك لەدەورەی بوون لەگەڵیان پێ دەکەنی، حاجیش لەبەرخۆیەوە قسەی دەکرد وخۆی بەقوربانی کچە سەربازە ئەمریکیەکە دەکرد.. پاش ماوەیەك خۆی بۆ نەگیراو بەرەو لای جێبە سەربازییەکە کەوتە ڕێ، لەدوکانی میوە فرۆشەکە مۆزێکی کڕیو بەرەو لای سەربازە قژ زەردە جوانەکە کەوتە ڕێ، کەلێی نزیك بووەوە، بەخەندەیەکی نەرمەوە بە ژنە سەربازەکەی وت بەخێر بێی .... وڵاتتان ئاوەدان کردەوە، کچە سەربازەکەش لەگەڵ دەست بەرزکردنەوەی حاجی تێگەیشت کەبەخێرهاتنی دەکات، ئەویش بەپێکەنینەوە بەزمانی ئینگلیزی پێی وت زۆر سوپاس، دوای ئەوەی لێی نزیك بووە سەربازە ژنەکە دەستی درێژکرد بۆحاجی تا تەوقەی لەگەڵ بکات. حاجیش لەخۆشیان خێراتر هەنگاوی هەڵێنا دەستی خستە نێودەستی، بەقایمی چەند جارێك دەستی راوەشاندو پێی وت بەخێربێن.. ئیتر ئێمە و ئێوە ئەین بەیەك ماڵ لەئەم وڵاتە بەیەکەوە دەژین، ئەمە وڵاتی هەموو ئەوکەسانەیە کەخەڵکی لەمەینەتی رزگار دەکەن، کچە چاوشینەکە زۆر بەدڵخۆشییەوە، لەگەڵ حاجی کەوتنە قسەکردن کەهیچیان لەیەکتری تێنەدەگەیشتن تەنها لەوەدا لەیکتر دەگەیشتن کەحاجی بەهاتنی ئەوان دڵخۆشەو ئەوانیش بەو پێشوازییە گەرمە دڵخۆش بوون، دوای ئەوەی حاجی تێگەیشت کەهیچی لێ حاڵی نابێت، ئەو مۆزەی بۆیەنابوو لەناو عەلاگەرەشەکە دەریهێناو ویستی بیداتە سەربازە قەشەنگەکە، ئەویش رەتی کردەوەو وتی بیدە بەو منالانە، حاجی لەئیشارەتەکانی تێگەیشت، سوێندی خوارد دەبێت بیخوات، لەناو ئەم کێشمە کێشمە دەی خۆی و نایخۆم، سەربازەکانی تر بەرەولای ئوتومبیلەکە گەڕانەوە، کەحاجیان بینی بەگەرمییەوە دەستیان بۆ درێژکردو تەوقەیان لەگەڵ کرد، دوای ئەوە ویستیان بڕۆن حاجی وتی نابێت بڕۆن دەبێت لەم چایخانەیە چا بخۆنەوە ئەنجا بڕۆن، یەکێك لەسەربازەکان زمانی عەرەبی دەزانی و لەکوردیش حاڵی دەبوو بەڵام بەباشی نا..ناوە ناوە بەحاجی دەوت زۆر زۆر سوپاس حەیاتم، حاجی ڕێگەی پێ نەدان تا بردنییە چایخانەکە سەرو چایەکیان خواردەوە، سەربازە کچەکە نەهات بۆ چایخانەکە ناچار حاجی خۆی چایەکی لەپەرداغێکدا بۆ بردوو تاچایەکەی خواردەوە لەلای وەستا بۆ ئەوەی پەرداغەکە بباتەوە.. دوای گەڕانەوەی بۆ گازینۆکە سەربازەکانی تر، بەسوپاسەوە لەبەری هەستان سوپاسی حاجیان کرد، حاجیش بەگەرمی بەڕێی کردن و تا..لای ئوتومبیلەکە لەگەڵیان چوو، لەکاتی ڕۆیشتنیان سەربازە ژنە چاوشینەکە دەستی بۆ حاجی درێژکرد بۆ ئەوەی تەوقەی لەگەڵدا بکات، حاجیش دەستی گرتو بەرەڕووی چوو..دووماچی تەڕو.. توندی.. لەسەربازەکە کردو سەربازەکەش باوەشی لەحاجی وەرینا، پاش چەند چرکەیەك سەربازەکە لەحاجی جیا بۆوەو بەسەیارەکەیان بەرەو ناو بازاڕ کەوتنە ڕێ..

ئەم گفتوگۆیە زۆر سەرنجی راکێشام ویستم بەرەو لای حاجی بڕۆم تاچەند قسەیەکی لەگەڵ بکەم، بەڵام حاجی خۆی بەرەو گازینۆکە گەڕایەوە بەدڵێکی غەمگینەوە، لەنزیکم دانیشتو جگەرەیەکی داگیرساند..

وتم حاجی تۆ ئینگلیزی دەزانی؟

-نا.. خوێندەواریشم نییە.

*ئەی چۆن لەگەڵ سەربازە ئەمریکیەکان قسەت دەکرد؟

-خۆزگە دەمزانی، ئەگەر زمانم بزانیبایە ئەو سەربازە کچەم رازی دەکرد شووم پێ بکات. بۆئەوە..ئا کەلەگەڵ خۆی بمبات بۆ ئەمریکا، بەڵکو بۆ ئەوەی لێرە بمێنێتەوە...

*ئەی چۆن هێشتی ماچی بکەی؟

-ئەو ماچە دەبێتەبیرەوەرییەك ئەگەر گەرایەوە وڵاتەکەشی قەت قەت لەبیری ناچێتەوە ئەو ماچەی من دەبێتە هەوێنی لەیەکتر نزیك بوونەوەی کوردو ئەمریکا. خۆزگە .. خۆزگە.. ئەو سەربازە ئەمریکیە رازی دەبوو شووم پێ بکات، هیچم لەو دونیایە نەدەویست. پاشان وتی بۆکوێ دەڕوات هەر دەیبینمەوە.

لەو دەمەدا ئوتومبیلێکی تری سەربازی بەبەردەماند